# حاجی قادری کۆیی

# مامۆستاو ڕابەری نەتەوەی کورد »و چەند تێبینییەکی ئەدەبی

**کەریم شارەزا**

خوێندەواری بەڕێز ، مامۆستا حسەین ڕەشوانی باسێکی ئەدەبی بە ناونیشانی «حاجی قادری کۆیی مامۆستاو ڕابەری نەتەوەی کورد» لە ژمارە «7»ی گۆڤاری (کاروان» دا بڵاوکردۆتەوە .[1] مامۆستای نووسەر لە کۆتایی باسەکەیدا ئەوەی دەرخستووە کە ئەم باسەی بە ناوی یەکێتیی مامۆستایانی کوردستان لە میهرەجانی حاجی قادری کۆییدا خوێندۆتەوە ، ئەو میهرەجانەی خۆی دەڵێ لە ڕۆژانی 1971/6/ 22 — 24دا لە شاری کۆیە کراوە !!

هەر چەندە باسەکە بەر لە 12 ساڵ نووسراوە ، وەك ئاگاداربم نووسەر لە بڵاوکردنەوەی بە دوای سەرچاوەیتر دا دەگەڕا تا پێیان دەوڵەمەنتر بکاتو ، بە پوختی پێشکێشی خوێندەوارانی بکات .

بە دەرچوونی ئەم باسە لە گۆڤاری (کاروان) دا من زۆر بە تاسەو ئارەزووییکەوە خوێندمەوە ، بەتێکڕایی وەك بابەتێکی ئەدەبیی خۆشم وەرگرتو بەلام لە دەقی شیعرەکانی حاجیو هەندێ زانیاری باسەکە چەند «تێ بینییەکی ئەدەبی» م لەلا گەلاڵە بووو ، لە ڕووی پاراستنی دەقی ڕاستی شیعرەکانەوە حەز دەکەم ئەم تێبینییانەم بە پێی هەنگاوەکانی باسەکەی نووسەر بخەمەروو :ـ

1 ـ مامۆستا ڕەشوانی لە دوا دێڕە شیعری ستایشتەکەی خودا کە حاجی بە ناوی «ئەی بێ نەزیرو هەمتا»ی داناوە ، بەم جۆرەی خوارەوەی نووسیوەو دەڵێ :ـ

مەعلوومە (بۆیە) حاجی مەدحت دەکا بەکوردی
تا کەس نەڵێ بە کوردی نەکراوە مەدحی باری[2]

دەبینین ووشەی «بۆچی» کە ئامرازی پرسیارەو لە هەموو سەرچاوە چاپ کراوەکاندا هاتووە ، لە لای مامۆستا ڕەشوانی بووە بە «بۆیە» هۆی ئەمەش بە ڕای من ئەوەیە ، نووسەر لە کاتی وەرگرتنو بەکارهێنانی ئەم دەقە ، تەماشای هیچ سەرچاوەییکی چاپکراوو چاپ نەکراوی دیوانەکەی حاجی نە کردووە ، تەنیا پشتی بە بیرو زەینی خۆی بەستووە ، کە جاران شیعرەکەی لەبەر بووەو ، لە کاتی نووسینی ئەم باسەشی نەگەڕاوەتەوە سەر ئەو سەرچاوانە تا ڕاستەو خۆ لێیان وەربگرێ .

